# ئەمەریكا ستراتیژی خۆی ناگۆڕێ

دیار غریب
Diyar_helmet@yahoo.com

ماوەیەكە گفتوگۆ لەسەر ئەوە دەكرێت كە ئەمەریكا شكستی هێناوە لە ئێراقداو پێویستە سیاسەتی خۆی بگۆڕێت، ئەم گفتوگۆیە لەدوای ئاشكراكردنی راپۆرتەكەی بیكەر-هاملتۆن بەرفراوانتر بوو، زۆربەی چاودێرانی سیاسی وناوەندە سیاسیەكان سەركەوتنی ددیموكراتەكان لە هەڵبژاردنەكانی كۆنگرێسی ئەمەریكاو ئەو گۆڕانكاریانەی لە پۆست وفەرمانداریێتیەكانی ئەمەریكادا ئەنجام دران بەدەرهاویشتەی ئەم شكان ودۆڕانەی ناوزەد دەكەن وبەندو مادەكانی راپۆرتەكەی بیكەر –هامیلتون دەكەنە گەواه بۆ هەڵسەنگاندنەكانیان، ئەم تێڕوانینانە تاڕادەیەك نزیكی راستین. ئەوەی دیارە ئەمرۆ ئەمەریكاو هاوپەیمانەكانی لە گێژاوێكدان وبۆرزگاربوون لەم گێژاوە پێویستە بە خۆیاندا بچنەوە، بەبێ بەخۆداچونەوەیەك ناكرێت و ناتوانرێت لەو گێژاوە رزگاریان بێت. لێرەوە دەتوانین بڵێین. راپۆرتەكەی بیكەر-هاملتۆن وسەركەوتنی دیموكراتەكان لە هەڵبژاردنەكانی كۆنگرێس وگۆڕینی هەندێ لەپۆستەكان دەكەونە چوارچێوەی هەوڵی گۆڕان و بەخۆدا چونەوە. بەڵام ئەوەی گرنگە باس بكرێت ئەوەیەباس لەچۆنێتی ئەو گۆڕانە بكەین كە ئەمەریكا رەنگە ئەنجامی بدات، ئایا ئەو گۆڕانە ئەنجام دەدرێت یاخود نا. ئایا ئەگەر ئەو گۆڕانە ئەنجام بدرێت، گۆڕینی ستراتیژین یان گۆڕینی تاكتیكی؟! زۆربەی راگەیاندنەكان باسی ئەوە دەكەن گۆڕانی ستراتیژی ئەنجام دەدرێت. ئەمەش پرسیارێك قوت دەكاتەوە، ئایا ئەگەر گۆڕانی ستراتیژی ئەنجام بدات بەو واتایە نییە كەسیستەمی سەرمایەداریش هەڵدەوەشێتەوە یان بەرەو هەڵوەشاندن دەچێت؟

پێم وایە ئەگەر ئەمەریكا گۆڕانی ستراتیژی ئەنجام بدات بەو واتایە دێت كە هەڵوەشاندنەوەی سیستەمەكەی پەسەند دەكات و جیهان لەبەرامبەر بژاراكانی تری گۆڕاندا بەجێدێڵێت. چەنكە بۆ خۆی ستراتیژ لە فەرهەنگی سیاسەت دا بریتی یە لەو بەرنامەو ئامانجانەی كە بەپێی فەلسەفەو ئایدۆلۆژیای هێزەكان بۆ ماوەیەكی درێژ دادەڕێژرێت وئامانج لێی ئەوەیە بەرژەوەندی ئەو هیزە لەقۆناغێكەوە بگەیەنێتە قۆناغێكی تر. بۆ جێبەجێكردنی ئەم ستراتیژەش هێزەكان لەتاكتیكی گونجاو دەگەڕێن. كە ئەویش هەنگاوی گونجاوی كورت خایەنەلە پێناوی سەرخستنی ستراتیژیدا بۆ گەیشتن بە ئامانجەكانیان. ئەگەر لەم چوار چێوەیەدا سەیری بەرنامەو هەڵسوكەوتی ئەمەریكاو هاوپەیمانەكانی بكەین.، پێ ناچێت كە ستراتیژی خۆیان بگۆڕن. ئەم هەڵسەنگاندنەش سەرچاوەی خۆی لەو خاڵەوە دەگرێت كە ئەمەریكاو سەرمایەداری جیهانی ئەمرۆ لە قۆناغێكی جیهانگیریدان وگەیشتنە هەموو گۆشەیەكی جیهان یەكێكە لە ئامانجە ستراتیژیەكانی ئەوان لەڕووی ئابوری وسیاسیەوە و دڵنیاشن ئەگەر ئەم هەنگاوە نەنێن ئەوا هەم لەڕووی ئابورییەوە هەم لەڕووی سیاسیەوە ناتوانن ئەم گێژاوە تێپەڕ بكەن كە ئەمرۆ رووبەڕوی بونەتەوە، ئەمەش بەواتای خنكانیانە لەناو گێژاوەكەدا، گومانی تێدانییە كە هیچ هێزێكیش خنكاندن ودۆڕاندن بە ئاسانی پەسەند ناكات. راستە ئەمرۆ باس لەگۆڕان دەكەن وبڕیارە ئیدارەی ئەمەریكا بەرنامەی نوێ یخۆی لە ئایندەیەكی نزیكدا رابگەیەنێت، بەڵام ئەو گۆڕانەی ئەنجامی دەدەن گۆڕانی ستراتیژی نابێت . بەڵكو گۆڕانی تاكتیكی دەبێت وئەو گفتوگۆ چڕوپڕەوم گۆڕانی پۆست ودواكەوتنی راگەیاندنی بەرنامەكەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەم خاڵە. راستە ئەمەریكا لە بونیادنانەوەی ئێراقدا سەركەوتوو نەبووە، نارەزایی دەرەوەو ناوخۆی ئەمەریكاش روو لە زیادبوونە. بەڵام دەبێت ئەوەمان لەبیر نەچێت كە ناوەندە ستراتیژیەكانی ئەمەریكا رۆڵی یەكلاكەرەوەیان هەیە لەم بوارەدا، لەساڵی(2000)دا زۆربەی بۆچونەكان وابوو كە دیموكراتەكان سەركەوتن بەدەست دەهێنن لە هەڵبژاردنەكانداو ئەمەریكا هەر بەشێوازی نەرم رووبەڕوی كێشەكان دەبێتەوە، بەڵام لەئەنجامدا بەهۆی پشتیوانی ئەو ناوەندانەوە، كۆماریەكان سەركەوتن و دوایش دەسیان وەردایە رۆژهەڵاتی ناوینەوە، هەر بۆیە بەئاسانی ریگەنادەن كە گۆڕانكاریەكی ستراتیژی ئەنجام بدرێت بێگومان ئەمەش بەو واتایە ناڵێم كە ئیتر ئەمەریكا هیچ گۆڕان ئەنجام نادات، دڵنیام ئەگەر ئەمەریكا بە سیاسەتی خۆیدا بچێتەوە، ئەوا

بەشێوەیەکی تر رووبەڕوی چارەنوسێکی خراپ دەبێتەوە. لێرەدا پێم باشە بەکورتیش بێت باس لەو بوارانە بکەم کەئەمڕۆ گفتوگۆیان لەسەر دەکرێت وئەمەریکا ناچارە سەرلەنوێ هەڵوێستی خۆی لەبەرامبەریان دیاری بکات.

1: سەرمایەی ئەمەریکایی و کۆمپانیا فرە رەگەزەکان، ئەمەریکاو کەنەدا، بریتانیا، ژاپۆن،ئەڵمانیاو،فەرەنسا، ئیتاڵیا بەشی شێریان لەو کۆمپانیایانەدا هەیەو ئەو کۆمپانیایانەش کاریگەری تەواویان لەسەر دارشتنی سیاسەتی ئەەو وڵاتانەو جیهان هەیە. ئەمڕۆ ئەم کۆمپانیایانە پێویستیان بەوە هەیە کە گەرەنتی ئاڵوگۆڕی بازرگانیان بۆ بکرێت و سەرمایەو کاڵاکانیان بەبێ ئاستەنگی بگەنە هەموو جێگەیەك وسیستەمی جیهانی ئەمڕۆ ناتوانێت وەڵامی پێداویستیەکانی ئەم کۆمپانیاو سەرمایەکانیان بداتەوە، لەبەر ئەمە بەهەموو شێوەیەك ئەم کۆمپانیایانە ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی ناچار دەکەن کەگۆڕان لەسیستەمی ئەمڕۆی جیهاندا ئەنجام بدەن. پڕۆژەی رۆژهەڵاتی ناوینی گەورەش لەم چوارچێوەیەدا بوو، کە گۆڕانکاری رژێمەکانی رۆژهەڵاتی ناوینی کردبووە ئامانج وپێم وایە کە ئەمەئامانج وبەرنامەیەکی ستراتیژییەوە گۆڕانکاری ئەنجام نادرێت. خاڵەکانی تر بەدەوری ئەم تەوەرەدا دەسوڕێنەوە.

2: ئەمەریکا باس لە مافی مرۆڤ و دیموکراتی دەکات، ئەم خاڵە بە تێڕوانینی من بابەتێکی لاوەکیەو نابێتە بابەتێکی سەرەکی وستراتیژی. ئەمەریکا لە پڕۆژەی رۆژهەڵاتی ناویندا زەقی کردۆتەوەو ئێمەی کوردیش بەهیوابوین سودی لێوەربگرین،  بەو نیازەین کە کەیسی کوردببێتە بابەتێکی سەرەکی ئەمریکاو بە پێی ستراتیژی سەدەی بیستەم کەلە(لۆزان)دا بڕیاری لەسەر دراوە هەڵسوکەوت لەگەڵ کوردا نەکات، بەڵام ئەوەی دیارە ئەم بابەتە بۆ دەوڵەتە هەرێمیەکان، بەتایبەتی تورکیا بابەتێکی ستراتیژییەو بەهەموو شێوەیەك کاردەکەن کە ئەمەریکاش ستراتیژی سەیری بکات وبەپێی بەرژەوەندی ئەو هێزانە سەیری بکات ولە پێوانەکانی لۆزان لانەدات. دیارە ئەم بابەتە یەکێکە لەو بابەتانەی کە جێگەی باس وهەڵوەستە کردنە. ئەوەی بۆ ئێمەی کورد گرنگە هەستی پێبکەین ئەوەیە کە بابەتی ئەمەریکا بۆ کورد ستراتیژنییە. تاکتیکەو تاکتیکیش قابیلی گۆڕانە، بەتایبەتی کە زیان بە ستراتیژبگەیەنێت، ناتوانرێت ئەوە بشردرێتەوە ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی هەتا ئێستا لە چوار چێوەی سیاسەتی نکۆڵی کردن لە کورد هەڵسوکەوتیان کردووە، ئەمڕۆ ئەگەر دۆستایەتی کورد سوود بەپڕۆژەکەیان نەگەیەنێت ئەوا زۆر ئاساییە کەئەو سیاسەتەی رابردوویان بپەرژێنن. واتە ئەمە خاڵێکی سەرەکییە لە سیاسەتی ئەمەریکا کەشیمانەی ئەوەی هەیە بەرەو دواوە بگەڕێتەوە، ئەمەش لەڕوانگەیەکی عاتفییەوە ناڵێم، بەڵکو بەشێکە لەواقیعی هەرێمەکە. ئەوەی ئەمەریکا دەخاتە ناو دوودڵیەوە ئەوەیە کە گومان لە دۆستایەتی هێزو دەوڵەتەکانی تر دەکات، لە هەمان کاتیشدا ئەوراستیە دەبینێت کە پێویستی بەکورد هەیە. لێرەدا دەبێت ئەو راستییەش بڵێین کە کورد چەندە بەهێز بێت ئەوەندە دەتوانێت هاوسەنگیەکە بەلای خۆیدا رابکێشێتەوە.

3: پەیوەندی ئەمەریکاو هێزە هەرێمیەکان و پێکهاتەکانی ئێراق تاکتیکین، ململانێکانیشیان تاکتیکین وئەگەر بگەنە رێکەوتن لەسەر بەرژەوەندی هاوبەش ئەوا ئاساییە کە ئەمەریکا بە پەیوەندی خۆیدا بچێتەوە لەگەڵ ئەم دەوڵەت وهێزانەدا، خۆ ئەگەر نەگەنە رێکەوتن لەسەر بەرژەوەندی هاوبەش ئەوا شیمانەی پەرەسەندنی توندو تیژی زیاتر دەبێت. بەواتایەکی تر ئەم بابەتە دەکرێت گۆڕانکاری تێدا ئەنجام بدرێت، بەڵام ئەو گۆڕانکاریانە دەبێت سنوری تاکتیك تێپەڕ ناکات، خۆ ئەگەر سنوری تاکتیکی تێپەڕ کرد ئەوا زیان بە ستراتیژدەگەیەنێت وئەمەش ئەمڕۆ زەمینەی نییە. واتە ئەمەریکا ناچارە کە حساب بۆ هەڵوێستی زۆر دەوڵەت وهێزی هەرێمەکە بکات، هەتا بتوانێت بگاتە ئامانجەکانی.

وەکو ئەنجام دەتوانین بڵێین ئەمەریکا ناچارە گۆرانکاری بکات. بەڵام بەپێی کارەکتەری سیستەمەکەی گۆڕانی تاکتیکی ئەنجام دەدات نەك ستراتیژی وبۆ کوردیش هەرچەندە دەرفەتی چەسپاندنی ناسنامەی کوردی ومافەکانمان لە هەرکاتێك زیاترە، رەنگە ببینە قوربانی ئەم گۆڕانکاریانە.